**Kurdistan Freedom Party** پارتی ئازادیی کوردستان

## کۆبوونەوەی سەرۆک و نوێنەرایەتی ئوروپا و ئەمریکای پاک




رۆژی دووشەممە 25 ئاگۆستی 2008، بەڕێز کاک عەلی قازی محەمەد سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نوێنەرایەتییەکانی ئوروپا و ئەمریکای پارتی ئازادیی کوردستانی کرد، لە شاری کۆڵنی ئاڵمانیا.

لە کۆبوونەوەکەدا، وێڕای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی پێوەندیدار بە کوردەوە، کاروچالاکییەکانی پارتی ئازادیی کوردستان لە ئەمریکا و ئوروپا، تاوتوێکرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا، پێ لەسەر پەرەپێدان بە تێکۆشانی **PAK** لە دەرەوەی وڵات داگیرا. هەروەها هەولەکانی ئەو نوێنەرایەتییانە، لە دەرەوەی وڵات بۆ لێکنزیک بوونەوەی نوێنەرایەتی هێزە کوردستانییەکان لەیەکتر و پێکهێنانی هاوکاری و هاواهەنگی لەسەر پرسە نەتەوەییەکان لە نێوانیاندا، بە بایەخ دانران و کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر درێژەپێدانی ئەو رەوتە داگرتەوە.

کۆبوونەوەکە پێکهاتبوون لە هەڤاڵان ئەفشار ئەقدەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی نوێنەرایەتی ئوروپا و زاگرۆس یەزدانپەنا ئەندامی مەجلیسی گشتی و نوێنەری **PAK** لە ئەمریکا و بیژەن زیبایی بەرپرسی کۆمیتەی رێکخستنی پارتی ئازادیی کوردستان لە ئاڵمانیا.

پارتی ئازادیی کوردستان
کۆمیتەی رێکخستنی ئاڵمان
4/ خەرمانانی /2708
26/ ئاگۆستی /2008


**Parti Azadi Kurdistan**
**COMMITTEE deutschland**
**pak_deutschland@yahoo.de**
**TEL FAX: 00492212900230**
**Mobil: 00491629366027**
**www.pazadik.org**
**www.pak-eu.com**
**www.pak-de.org**


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com